**کاردانەوەی هێزە جیهانیەکان بە هەڵسوڕانە ناوکەییە نوێکانی ڕژیمی ئاخوندی**

ئەمریکا، ئینگلستان، و فەرانسە کاردانەوەیان بەرانبەر بە دامەزراندنی شەش هەزار سانتریفۆری نوێ لە دامەزراوە ناوکەییەکانی نەتەنز لەلایەن ڕژیمی ئاخوندیەوە دەربڕی و ئەو کردەوەیان بە پێشێلکاری بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش زانی.

پاسدار ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئاخوندی لە سەردانی بۆ ناوەندی ناوکەیی نەتەنز ڕایگەیاند، بڕیاریان داوە شەش هەزار سانتریفۆری نوێ دامەزرێنن.گریگوری شوڵتی سەفیری ئەمریکا لە ئاژانسی وزەی ناوکەیی لەو پێوەندیەدا گوتی: ئەوەی ڕژیم ڕایگەیاندوە، ئەوە دەردەخا کە سەرانی ڕژیمی ئێران درێژە بە پێشێلکاریە نێو دەوڵەتیەکانیان دەدا و بۆ نەهێشتنی گومانی کۆمەڵگەی جیهانی کارناکا.

سەفیری ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەوەی کە ئێستا ڕژیمی ئاخوندی ئەنجامی دەدا بەڕونی پێ شێلکاریەکانی بەرانبەر بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەردەخا.